# پەیوەندی سۆباریەکان لەگەڵ گەلانی دەوروبەریان

علی عبدالله محمود

بەشی مێژوو - کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتیەکان- زانکۆی ڕاپەڕین - هەرێمی کوردستان/ عیراق

**پوختە:**

ئەم توێژینەوەیە کە ناونیشانەکەی (پەیوەندی سوباریەکان لەگەڵ گەلانی دەوروبەریان)ە چالاکیەکی زانستیەو تیشکی ختسۆتەسەر پەیوەندیئاشتیانە و نائاشتیانەی سوباریەکان لەگەڵ گەلانی ناوخۆی میسۆپۆتامیا و دەرەوەی دا،تاوەك هێزێکی باڵادەستی ناوچەکە شوێن پێی خۆیان بکەنەوە و لەڕێگای ئەم پەیوەندیانە بەرگری لەخۆیان بکەن و هەوڵی بەدەستهێنانی دەسکەوتی زیاتر بدەن .

توێژینەوەکە جگە لە پێشەکی و دەرەنجام و لیستی سەرچاوەکان و پوختەی توێژینەوە، لەدوو باس پێکهاتوە تیایدا باس لەهەردوو پەیوەندی ناوخۆیی و دەرەکی و کاریگەریان کراوە.

**پەیڤێن سەرەکی:** *سوباری، سنور، پەیوەندی، هاوپەیمان، ئەکەدی*

**پێشەکی:**

سۆباریەکان وەك یەکێك لە کۆنترین گەلانی کوردستان ماوەیەك فەرمانڕەوایی جزیرەی فورات و بەشێك لە هەرێمەکانی دەروبەریان کردووە، بەهۆی هاوسنوری و هاوسەردەمیان لەگەڵ گەلانی دەوروبەری خۆیانپەیوەندیان هەبووە، چالاکیە ژیاریەکانیان بەتایبەت پەیوەندیەکانیانبۆتە هۆکارێك بۆ دەرکەوتن و گەشەکردنیان و زیاتر کاریگەربوونیان لەسەر نوسینەوەی مێژووی ناوچەکە .

لەچوارچێوەی ئەمەی سەرەوەدا، لەپێناو دەرخستنی ڕۆڵی سۆباریەکان و وابەستیان لەگەڵ هێزەکانی ناوچەکە، دەستنیشانکردنی (پەیوەندی سۆباریەکان لەگەڵ گەلانی دەوروبەریان) بۆئەوەیە ئاستی پەیوەندیەکانیان لەناوخۆی دووڕوبارلەگەڵ (خوریەکان،

سۆمەریەکان،ئەکەدیەکان، بابلیەکان، ئاشوریەکان) و لەسەر ئاستی دەرەوەلەگەڵ (عیلامیەکان، ئاموریەکان، ئارامیەکان)، بەشێوەی ئاشتی یان ململانێ و شەڕکردن زیاتر ڕون بێتەوە .

توێژینەوەکە جگە لە دەروازەیەك بۆ ناساندنی سۆباریەکان و پێشەکی و دەرەنجام و لیستی سەرچاوەکان و پوختە بە هەردوو زمانی عەرەبی و ئینگلیزی، لە دوو باسی سەرەکی پێکهاتووە و تیایدا باس لەهەردوو پەیوەندی ناوخۆیی و دەرەکی کراوە.

**دەروازە:**

سەبارەت بە گەلانی کۆنی کوردستان بەگشتی و بەتایبەت (سوباریەکان) وەکو یەکێک لە دانیشتوانی بنەڕەتیکوردستان زانیاری کەمە بەهۆی نەبوونی نوسراوی تایبەت بەخۆیان، ئەوەشی کە هەیە لەنوسراوی گەلانیتری دەوروبەریان وەرگیراوە، بۆیە زانیاریەکان تاڕادەیەك ناتەواوی و ناڕونیان پێوە دیارە، چونکە گەلانی ناوچەکە (بەتایبەت گەلانی دووڕوبار) زۆرجار گرنگیان بەدانیشتوانی باکور نەداوە بەشێوەی پچڕ پچڕ و ناتەواو زانیاریەکانیان تۆمارکردوە، دەکرێت ئەمە بەمەبەست بووبێت یان بەبێمەبەست و لە بێ ئاگاییان بووبێت (کۆزاد، ٢٠٠٦، ل٤٤)، سەرباری هەموو ئەمانەش نوسراوەکانی دووڕوبار سەرچاوەی گرنگن بۆ زانین و وەرگرتنی زانیاری (قەرەداغی، ٢٠٠٤، ل١٩) .

لەنوسراوێکی بابلی کۆن(سوئیەکان) و (سوباریەکان) وەکدوو پێکهاتەی جیاواز پیشاندراون، چونکە هەردوکیان لەنوسراوەکەدا ناویان هاتووە(Subir, Su)، بەڵام نەتوانراوە ئەمە بسەلمێندرێت و لەیەکتری جیابکرێنەوە (کۆزاد، ٢٠٠٦، ل٥٤)، زۆربەی سەرچاوەکان وەکو یەك گەل و یەك نەژاد باسیان کردون، سوئیەکان یان سۆباریەکان بەکۆنترین دانیشتوانی ناوچەکە ناسراون، ئەوەی کەزانراوە بۆیەکەمجار لەنوسراوی فەرمانڕوای شاری (ئادەب)ی سومەری لەنیوەی یەکەمی هەزارەی سێیەمی پێش زاین ئاماژەی پێدراوە (جەلال، ٢٠٠٨، ل٤٢)، دوای ئەمە لەنوسراوی (ئی ئیناتم EiEinatim)ی فەرمانڕەوای بنەماڵەی یەکەمی (لەگش)ی سومەری لەنزیکی (٢٤٧٠ -٢٤٣٠ پ.ز) ناویان هاتووە (احمد و رشید، ١٩٩٠، ص٤١)، وەکو یەکێک لەدیارترین گەلانی کوردستانلەگەڵ سومەری و دورگەیەکان لە بەشی باشور و ناوەڕاست ئاماژەیان پێدراوە (القیسی، ٢٠١١، ص٢١)، لەنوسراوە جۆراوجۆرەکانی(سومەری، بابلی، ئاشوری) سوبیر یان سوبارتو_Subartu وەکو ئاماژەیەکی نەژادی -جوگرافی بەکارهاتوون و



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

بەچەند جۆرێک نوسراون (Gelb, 1973, P.23_25)، وەکو (سوبیر، شوبیر، شوبار، شوبارتو، سوبارتو، ...هتد) (Stinkller, 1998, P.76) .

سەبارەت بە جوگرافیای سوبارتو تارادەیەك ئەستەمە بتواندرێت بەدیاریکراوی سنوری نیشتەجێبوونی سوباریەکان و دەسەلآتداریێتیان دەستنیشان بکرێت، بەپێی(جوگرافیای سەرجۆن) لەچیاکانی ئروزەوە تا ئەنشان ولآتی سوبارتویە (کۆزاد، ٢٠٠٦، ل٤٧_٤٨)، ئەم خاکە بەهۆی نیشتەجێبوونی سوباریەکان بەم ناوەوە ناونراوە کە لەکۆنترین چاخە مێژوویەکانەوە لێی ژیاون تاکو هاتنی و بالآدەستبوونی ئاشوریەکان رۆڵی سەرەکیان هەبووە (محان، ٢٠١١، ل١١٣)، فەرمانڕەوای شاری (ئادەب) ئاماژەی بەوەداوە کە سوبارتو لەنێوان (گۆتیوم) واتا ناوچەی گۆتیەکان و (مارخاشی یان باراخشی) کە شانشینێک بووە لەڕۆژئاوای عیلام، خۆرئاوای ئیرانی ئێستا (جەلال، ٢٠٠٨، ل٤٢)، تاکو (مارتو و سوتیوم) بووە، مارتو لە زمانی سومەریدا بەواتای (ڕۆژئاوا) هاتووە، مەبەستیان ئاموریەکان یان نشتمانی ئاموریەکان بووە ناوەندەکەی شاری ماری (تل الحریر) بووە (باقر، ٢٠١٢، ص٢٦٤)، و (سوتیوم) کە ناوچەی باکوریخۆرئاوای دووڕوبار بووە، دەکرێت بگوترێت لە ناوچەکەکانی باکوری دیالە تا زێی گەورە بووە، بەلآم لەنزیکی (٢٢٠٠ پ.ز) سنورەکەی فراوانتر بووە و ناوەندەکەی چۆتە خاپور (جەلال، ٢٠٠٨، ل٤٢_٤٣)، کەواتە بەشێکی گرنگی ناوچەی جزیرەی فورات لەژێردەسەلآتی سوباریەکاندا بووە، زیاتر لەنێوان ڕۆژئاوا و باشوری ڕۆژهەلآتەوە لەباکوری گۆتیۆم تاکو ڕۆژهەلآتی ئامورو فراوانبووە(کۆزاد، ٢٠٠٦، ل٤٨_٥٠) .

لەنوسراوی پاشای ئەکەدی (نارام سینNaram Sin ٢٢٩١_٢٢٢٥ پ.ز) وەك ئاماژە ناوی (ئیلامتو) لەجیات (سوبارتو) بەکارهاتووە، ناوچەیەکی فراوانی گرتۆتەوە، لەباکوری عیلام بەرەو باکوری خۆرئاوا تاکو چیاکانی ئورزی (ئەمانوس) لەولآتی ئامورو، گەلانی جۆراوجۆری تیادا ژیاون، لەم نوسراوەدا زیاتر ئاماژەیەکی جوگرافی بووە نەوەك ڕەگەزی(احمد، ١٩٨٤، ص٣)، لەچەندین نوسراوی پاشای بابلی کۆن (حامورابیHamurabi١٧٩٢_١٧٥٠ پ.ز) و شانشینی ماری ئاماژەیان بە باکوری میسۆپۆتامیان داوە وەکو ولآتی سوبارتو (القرەداغی، ٢٠٠٨، ص٣٨_٣٩)، ماری(تل الحریر) دەکەوێتە ڕۆژهەلآتی سوریا، بەدوری (١١) کیلۆمەتر کەوتۆتە باکوری ڕۆژئاوای شاری (ابوکمال) نزیک سنوری عیرا_سوریا، ناوەندی دەسەلآتدریێتی شانشینی ئاموریەکان بووە (النجفی، ١٩٨٢، ص١٩: سعدالله، ٢٠٠٥، ٢٣٧) .

لەنوسراوێکی حامورابیدا بەمشێوەیە باسکراوە (( لەشەڕەکەدا بە چەکە گەورەکان تێکشکێندران، ئەشنونا و سوبارتو و گوتیوم و مانکیسوم، بەدەستی ئەوان کەنارەکانی سەروی




Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

دیجله و بەرەو ناوچەی چیاکانی سوبارتو ڕزگارکرا)) (الاعظمي، دون سنه، ص٧٧_٧٨)،سەبارەت بەم ناوچانەی لەم نوسراوەدا ناویان هاتووە، ئەشنونا (تل اسمر) ناوەندی یەکێک لە شانسینەکانی عێراقی کۆن بووە، کەوتۆتە ناوچەی نێوان دیالە و دیجلە (صالح، ١٩٨٧، ص١٢٣)، بەڵآم مانکیسوم لەسەرچاوەکاندا باس نەکراوە، پێدەچێت ئەویش شانشینێک بووبێت لە باکوری خۆرئاوا، لەنوسراوە ئاشوریەکاندا ناوچەی باکوری خۆرهەڵآتی دیاربەکر بە سوبارو و شوبریا ناوبراوە (احمد، ١٩٨٤، ص٤)، توێژەر تەها باقر ئاماژەی بەوەداوەناوچەی خۆرهەڵآتی دیجلە و جەزیرەی بەرز شوێنی سۆباریەکان بووە(باقر، ٢٠١٢، ص٩٨) .

دەکرێت بگوترێت سوبارتوی نیشتمانی سۆباریەکان بریتی بووە لە باکوری میسۆپۆتامیا و بەشێک لە کوردستانی باکور و باکوری شام (قەرەداغی، ٢٠٠٤، ل٦١)، سەرزەمینێکی فراوان بووە بەڵآم لەدوو قۆناغدا بەشێوەی جیاواز وەسفکراوە، لە نزیکی (٢٤٠٠ پ.ز) سنورەکەی لەباکوری دیالە بۆ ناوچەی باکوری ئاشور بووە پێی گوتراوە (سوبارتوی بچوك)، لەنزیکی (٢٢٠٠ پ.ز) سنورەکەی لەچیاکانی زاگرۆس بەرەو خۆرئاوا تاکو چیاکانی ئورز (ئەمانوس) کشاوە و پێی گوتراوە (سوبارتوی مەزن) (Ahmed, 2012, P.57)، دەکرێت ئەم سنور دیاریکردنە بەمشێوە فراوانە وەسفێکی گشتی بووبێت بۆ چەند شانشینێک پێکەوە لەناو ئەم سنورەدا ژیابن (رچا، ٢٠٠٩، ص٧)، بەپێی ئەم دیاریکردنە لەهەردوو قۆناغەکەدا بەشێکیباکوری میسۆپۆتامیاو جزیرەی فورات کەوتونەتە سنوری سوبارتو، بەتایبەت لە (٢٢٠٠ پ.ز) بەدواوە بەشێکی زیاتری کەوتۆتە ناو سنوری سوبارتوی مەزن، بەمشێوەیەی لە نەخشەکە دیارە، نەخشەکە بەدەسکاریەوە وەرگیراوە لە (Ahmed, 2012, P.104) .



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخو بۆ ڤەکولینێن کوردی




بەپێی نوسراوەکانی گردی فارە سوباریەکان زۆربەیان پیشەگەر بوون وەکو (نانەوا، کانزاساز، نوسەر، ...هتد)، لەبواری ئاودێری و کشتوکاڵ کردنیشدا چالاکبوون هەندێک بەرهەم و دروستکراو بەسوباری ناوبانگیان دەرکردوە وەکو (گەنم، هەنجیر، هەنار، خوری، جلوبەرگ، عەرەبانە)ی سوباری (کۆزاد، ٢٠٠٦، ل٥٤ -٥٥)، خاوەن شارستانیەتی تایبەتی خۆیان بوون، ناوی هەندێک لە شارەکانیان بەگرنگ باسکراوە بۆنمونە (ئوربی ئیل Eurbieil) یان (ئاربائیلو Arbailu) لەسەردەمی بنەماڵەی ئوری سێیەم (نزیکی ٢١١٢_٢٠٠٤ پ.ز) پێدەچێت مەڵبەندی دەسەلآتداریێتی سوبارتو بوبێت (قەرەداغی، ٢٠٠٤، ل٢٦٧) .


Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

## باسی یەکەم

# پەیوەندی سۆباریەکان لەگەڵ گەلانی دووڕوبار (پەیوەندی ناوخۆیی)

وڵآتی دووڕوبار بەپێی سەردەم و دابەشبوونی جوگرافی چەند ناوێکی بۆبەکارهاتووە، لەوانە (مات شومریم Mat shumrim، مات ئەکادییم Mat akadim، وڵآتی بابل، ئەریقا، کاردۆنیاش، وڵآتی ئاشور، میسۆپۆتامیا، (سلیمان و الفتیان، ١٩٨٧، ص٢٥_٢٦)، لە کتێبی پیرۆزدا بە ئارام نەهراین ناوبراوە (الکتاب المقدس، التکوین، ١٠:٢٤)، بەشی باکوری ئەم وڵآتە بەپێی قۆناغە مێژووییەکان وەك ناوچەیەکی سەربەخۆ  ناوی جیاوازی بۆ بەکارهاتووە وەکو (سوبارتو، جزیرە) (نیا، ٢٠٠٩، ل٥١_٥٢ ;Wigram and Lambeth, 1929, P.3)، بەهۆی ئەوەی سۆباریەکان هاوسەردەم و هاوسنوری چەندین نەژاد و پێکهاتەی جیاوازبوون لەچوارچێوەی میسۆپۆتامیا لەبەشی باکور گەلانی ناوچە شاخاویەکان و لەبەشی باشور و ناوەڕاست هەریەك لەگەلانی سومەری و سامی نەژاد، پەیوەندیان پێیانەوە هەبووە بەشێوەی ئاشتی بەهۆی نزیکی ڕەگەزی لەگەڵ هەندێکیان و هەندێکجار هەبوونی بەرژەوەندی لەگەڵ ئەوانیتردا، یان لەکاتی ململانێ و شەڕکردندا جۆرێک لە پەیوەندی و بەریەککەوتنیان هەبووە.سەردەمی جەنگ وەك بەشێک یان جۆرێک لەپەیوەندی باسکراوە (قەرەداغی، ٢٠٠٤، ل١٩)، بەپشتبەستن بەبەڵگە مێژوویەکان لەم باسەدالەچەند خاڵێکدا ئاماژە بەو پەیوەندیانە دەدرێت کە لەناوخۆی میسۆپۆتامیا لەگەڵ هەریەك لەو گەلانەدا هەیانبووە، بەمشێوەیە:

یەکەم/ پەیوەندی سۆباریەکان و سومەریەکان:سومەریەکان خاوەن شارستانیەتێکی پێشکەوتوو و داهێنەری نوسینی مێخی (Cuneiform) بوون، سەبارەت بە شوێنی بنەڕەتیان و نەژادیان بۆچونی جیاواز هەیە، پێدەچێت لەناوچەی باکوری هیند و ئەفغانستان و بلوجستان یان لەناوچە بەرزەکانی باکوری میسۆپۆتامیا بەرەو باشور کۆچیان کردبێت و لەوێدا نیشتەجێبوون، خاوەن زمانی تایبەتی خۆیان بوون (علی، ١٩٨٧، ٦٣_٧٢: الخفاجی، ٢٠١٤، ص٦٦)،سەبارەت بەپەیوەندی نێوان سوباری و سومەری وەك باسکرا یەکەم و کۆنترین ئاماژە بۆناوی سوباری و نیشتمانەکەیان دەگەڕێتەوە بۆسەردەمی



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

فەرمانڕەوای شاری (ئادەب) لەنیوەی یەکەمی هەزارەی سێیەمی پێش زاین و دواتر لەنوسراوی (ئی ئیناتم)ی فەرمانڕەوای بنەماڵەی یەکەمی لەگش، باسی لەو پەیوەندیەی کردوە کە لەگەڵ دانیشتوانی سوبارتو هەیبووە بەشێوەی شەڕ، بەهۆی ئەوەی ئەم ناوچەیە سەرچاوەیەکی گرنگی کەرستەی سروشتی و جەنگاوەری ئازا بووە، بەدرێژایی مێژوو گەلانی میسۆپۆتامیا هەر لەسەردەمی سۆمەریەکانەوە ویستویانە بەهەرجۆرێک بێت پەیوەندیان لەگەڵ گەلانی کوردستان هەبێت و بەشێک یان هەموو دەسکەوتەکانی ئەم ناوچەیە بۆخۆیان ببەن، هەندێکجار پەیوەندیەکان بەشێوەی ئاشتی و زۆربەی جاریش بەشەڕکردن بووە (کۆزاد، ٢٠٠٦، ل٢٢)، ئەم دوو پێکهاتەیە پەیوەندی شارستانی لەنێوانیاندا هەبووە، لەڕوی ئایینیەوە خواوەندی (پیری گال) واتە (مێینەی شێر) خواوەندێکی سۆباریە و زۆر ڕێزی لێگیراوە، بەلاّم ناوی ئەم خواوەندە لەڕوی زمانەوانیەوە لەبنەڕەتدا سومەریە (قەرەداغی، ٢٠٠٤، ل١٠٤) .


بنەماڵەی ئوریسێیەم وەك بەشێک لەشارستانیەتی سومەری ئەژماردەکرێت، بەهۆی ئەوەی ئەمانە شارستانیەتی سومەریان زیندوکردۆتەوە (باقر، ٢٠١٢، ص٤١٦)، بۆیە دەکرێت لێرەدا و لەچوارچێوەی پەیوەندی (سۆباری_سومەری) باس لەپەیوەندیەکانی ئەم بنەماڵەیە بکرێت،سەردەمی دەسەلاّتداریێتی (ئور نمو)ی دامەزرێنەری ئەم بنەماڵەیە باس لەهیچ جۆرە پەیوەندیەك لەگەڵ سۆباریەکان یان ولاّتی سوبارتو نەکراوە، بەلاّم دوای ئەو پاشاکانیتر لەنوسراوەکانیاندا چەندجارێک ئاماژەیان بەمە داوە. شولگی (٢٠٩٤_٢٠٤٧ پ.ز) لەتۆمارێکیدا باسی لەوە کردوە کە هێرشی کردۆتە سەرناوچەی سوبارتو (قەرەداغی، ٢٠٠٤، ل٢٦٧)، لە یەکێک لەنامەکانی (ئەرەد مو Arad Mu)ی نێردراوی تایبەتی شولگی باس لەوە کراوە فەرمانڕەوای سوبارتو (ئەبیلا شا Apillasa) کەسێکی زۆر دەوڵەمەند و بەهێز بووە، خاوەنی پێداویستی زۆر و گرانبەها بووە لەژەمێکی خواردندا چەندین ئاژەڵی وەك گا و مەڕی دابەستە لەخوانەکەیدا دانراوە، لەگەڵ ئەوەشدا فەرمانڕەوای سوبیر ولاّمی داواکاریەکانی نەداوەتەوە و ڕێزی لێنەگرتووە، بەشێک لەنوسینەکەی دەڵێت (کاتێک گەیشتمە دەروازەی کۆشکەکەی هیچ کەس هەواڵی سەلامەتی پاشای نەپرسی، کەس لەبەرم هەڵنەستا و بەرامبەرم نەچەمایەوە)، لەبەشێکیتری نوسراوەکەدا باسی ئەوەی کردوە (کاتێک چومە ناوشاخ و بەندەکان ڕۆنی ئورزمکرِی ئەپیلا شا پیاوەکانی ناردە سەرم و بەفەرمانی ئەو کەلوپەلەکانیان لێسەندم، لەبەردەم کۆشکەکەیدا وەستام هیچ کەس لەسکالاّکەمی نەپرسیەوە) (کۆزاد، ٢٠٠٦، ل١٤٩_١٥١؛ کریمر، ١٩٧٣، ص٤٧٩_٤٨١) .



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

لەساڵانی کۆتایی دەسەڵاتداریێتی شولگی دا باس لەهیچ هێرش و پەلاماردانێک نەکراوە بۆسەر سوبارتو، دەکرێت لەم ماوەیەدا دانیشتوانی ئەم ناوچەیە لەئاشتی و ئارامیدا ژیابن، ئەمە لەکاتێکدا گەلانی دەوروبەریان زۆربەیان کەوتونەتە بەر پەلامار و هەڵمەتە فراوانخوازیەکان (مجیدزادە، ٢٠١٢، ل٢٩٩)، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە سوبارتو لەوکاتەدا نەکەوتۆتە ژێر فەرمانی دەسەڵاتداریێتی بنەماڵەی ئوری سێیەم (زیباری و مایی، ٢٠١٧، ص٣٢) .

یەکێک لە پاشاکانیتری بنەماڵەی سێیەمی ئور، ئامار سین Amar sin (٢٠٤٦_٢٠٣٨ پ.ز) لەنوسراوێکدا باسی لەوە کردوە کە لەماوەی دەسەڵاتداریێتیدا یەکێک لەو شوێنانەی هەڵمەتی سەربازی بۆ ڕێکخستوە (سوبارتو) بووە، هێرشی کردۆتەسەر ئەم ناوچەیە (قەرەداغی، ٢٠٠٤، ٢٦٧)، لەم جۆرە پەیوەندیە توندوتیژانەی نێوان سۆباری و سۆمەری (ئوری سێیەم) بەردەوامی هەبووە بەهەمانشێوە لەسەردەمی فەرمانڕەوایی شوسین Shu sin (٢٠٣٧_٢٠٢٩ پ.ز) هێرش کراوەتە سەر سوبارتو و تالآنکاری زۆر ئەنجامدراوە، دیلەکانی ئەم ناوچەیە لەلایەن هێزی بنەماڵەی ئوری سێیەم بەرەو ناوچەیەکی نزیک شاری (نیپور) براون، لەوێدا نیشتەجێکراون و کاریان پێکراوە، پێدەچێت ئەمە یەکەم ڕاگواستن یان کۆچ پێکردنی بەکۆمەڵ بێت لەمێژووی ناوچەکەدا(کۆزاد، ٢٠٠٦، ل١٥١_١٥٣)، شاری نیپور کەوتۆتە نێوان دیجلە و فورات، و کەوتۆتە سەر ڕێگای بازرگانی نێوان باشوری دووڕوبار بەرەو ناوچەکانی باکور، لەگەڵ ئەوەی ناوەندی سیاسی بووە لەهەمان کاتدا ناوەندێکی ئاینی گرنگ و سەرەکی بووە (عصفور، دون سنە، ص ٣٥١)، نوسینێکی مێخی سەردەمی شوسین، لەسەر بەردی بناغەی یەکێک لەخانوەکان نەخشکراوە، تیایدا ئاماژە بەوەدراوە دەستی بەسەر ناوچەی (سو) و (خاکی کەردا) گرتووە، کەسایەتیەکی بەناوی (ئیرننا) کردۆتە فەرمانڕەوای دانیشتوانیئەم دوو ناوچەیە،وەك لەم بەڵگەیەدا دیارە



(احمد و رشيد، ١٩٩٠، ص٤٠: Cameron, 1968, P.56)، سەردەمی ئیبی سین Ebi Sin(٢٠٢٩_٢٠٠٦ پ.ز) کەدواین پاشای ئەم بنەماڵەیە بووە ئەم جۆرە پەیوەندی و بەریەککەوتنانە بەردەوامی هەبووە، لەسەرەتای دەسەلآداریەتەکەیدا پەیوەندی لەگەڵ سوباریەکان باش بووە هاوپەیمانی لەگەڵ بەستون بەهۆی هەبوونی مەترسی ئاموریەکان، بەلآم دواتر ئەم پەیوەندیە گۆڕاوە و بەشەڕ ڕوبەڕوی یەکتری بونەتەوە، سۆباریەکان و عیلامیەکان پێکەوە ڕۆڵیان هەبووە لەڕوخاندنی ئەم بنەماڵە سومەریە و کۆتاییهێنان بەڕۆڵی سیاسیان، (کۆزاد، ٢٠٠٦، ل١٥١_١٥٣)، ئەم هەوپەیمانیەی نێوان سوباریەکان و عیلامیەکان لە باسی دووەمی ئەم توێژینەوەیە باسکراوە.

دووەم/ پەیوەندی سۆباریەکان و خوریەکان: پێدەچێت نیشتمانی بنەڕەتی خوریەکان ناوچە کوێستانیەکان بووبێت، لەهەزارەی سێیەمی پێش زاین دەستیان کردووە بەکۆچکردن بەرەو باکوری سوریا و دووڕوبار، زمانی تایبەت بەخۆیان هەبووە و لەڕوی زمان و نەژادەوە نزیک بوون لەگەلانیتری ناوچە شاخاویەکان (ڤێلهێلم، ٢٠٠٩)، پەیوەندی سۆباری و خوری بابەتێکی ئاڵۆزە، هەندێک لە شوێنەوارناس و لێکۆڵەر بەیەك نەژاد یان پێکهاتە باسیانکردووە (کۆزاد، ٢٠٠٦، ل٥٣)، ئەوەی کێشەکەی دروستکردووە ئەوەیە لە نوسراوە سومەری و ئەکەدیەکاندا زۆرجار سۆباریەکان و خوریەکان لەیەکتری جیانەکراونەتەوە، بەهۆی ئەوەی هەردوکیان لەڕوی نەژادی و جوگرافیەوە پەیوەست بوون بەیەکتریەوە (احمد، ٢٠٠٥، ص٨٥٩)، ئەو ناوچەیەی سۆباریەکانی تیادا ژیاوە لە کوردستان هەمان ئەو ناوچەیە وەکو نیشتمانی خوریەکان باسکراوە، یان دەکرێت بەهۆی ئەو نزیکەی هەیانبووە پەیوەندیەکی بەهێز لەنێوانیاندا هەبووبێت و نەتواندرابێت سنوریان لەیەکتری جیابکرێتەوە (مجیدزادە، ٢٠١٢، ل٢٦٠_٢٦١)، بەبۆچونی توێژەر سپایزەر (Speiser) سۆباریەکان لقێک بوون لە خوریەکان، هەروەها توێژەر سدنی سمیپ (S.Smith) ئاماژەی بەوە کردوە دانیشتوانی خۆرئاوای دیجلە سۆباری بوون و ناسراون بە خوری (زکی، ١٩٦١، ص١٠٠)، هۆکارێکیتر بۆ پێکەوە بەستنەوەیان ئەوەیە کە دەرکەوتووە لە ناوچەی سۆباری زمانی خوری بەدیکراوە، بەلآم ئەمە ئەوە ناسەلمێنێت کە یەك گەل بووبن، چونکە دەکرێت کەسانی خوری لەناوچەی سۆبارتو لەگەڵ سۆباریەکان ژیابن (Gelb, 1973, P.17).

سومەریەکان لەڕوی زمانەوانیەوە سۆباریەکان و خوریەکانیان لەیەکتری جیانەکردۆتەوە، بەزمانی سۆباریان گوتووە (ئیمی سوبیر EmeSubir) لەبنەڕەتدا ئەمە ئاماژەیەك بووە بۆ زمانی خوری و پێشتر بۆ ئەم مەبەستە بەکارهاتووە (ڤێلهێلم، ٢٠٠٩، ل٢٧)،



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

سەبارەت بەم پەیوەندیە زمانەوانیە توێژەر گێلب ()Gelb باسی ئەوەی کردوە زمانەکەیان چەند ناوێک کۆیکردونەتەوە کە بە (ت :T) کۆتاییان هاتووە ئەمانە ناوی کەسایەتی یان شوێن بوون لە باکوری سوریا و دووڕوبار و ئاسیای بچوك بەتایبەت ناوچەیکەبدوکیا بەشێوازی (it, ut, at) (قەرەداغی، ٢٠٠٤، ل٢٠٤)، بەڵام لەکۆتایدا و بەپشت بەستن بەم جیاوازیە زمانەوانیە گێڵب توانیویەتی لەیەکتریان جیا بکاتەوە و هەریەکەیان وەکو گەلێکی سەربەخۆ بناسینێت ( Gelb, 1973, P. 20) .

سێیەم/ پەیوەندی سۆباریەکان و ئەکەدیەکان: ئەکەدیەکان خاوەنی سوپایەکی بەهێز بوون، ژمارەی شەڕکەرەکانیان زۆربووە لەکاتی هێرشکردن یان پارێزگاریکردن لەشوێنە دەست بەسەرداگیراوەکان و پاراستنی ڕێگا بازرگانیەکان پشتیان بەو چەك و پێداویستیانە بەستوە کە لەبەردەستیاندا بووە و زۆربەیان دروستکراوی خۆیان بوون، ئەم سوپایە لەلایەن سەرجۆن (٢٣٧١_٢٣١٦ پ.ز) لەسەرەتای دامەزراندنی دەوڵەتی ئەکەدی دروستکراوە، بەجۆرێک ڕێکخراوە کە لەئاست بەهێزی و فراوانخوازیەکانیاندابێت (رشید، ١٩٩٠، ص٣٥_٣٨)، نوسراوە ئەکەدیەکان باسی جەنگێکی گەورەی دەکەن کە لەنێوان سوباریەکان و ئەکەدیەکان لەسەردەمی سەرجۆن ڕویداوە، ئەکەدیەکان توانیویانە ناوچەیەکی فراوان و چەند شارێکی گرنگی سوبارتو بگرن و دەسکەوتەکان ببەنەوە بۆ ئەکەد، ناوچەکە بکەن بەبەشێک لەقەڵەمڕەوی خۆیان و ئەمە وەك سەرکەوتنێکی گەورەی سەرجۆن باسکراوە (ساغز، ٢٠٠٣، ص٣٠: مجیدزادە، ٢٠١٢، ل٢٥٤).

ڕۆژئاوای کوردستان بۆ ئەکەدیەکان زۆر گرنگ بووە، بەتایبەت لەسەردەمی سەرجۆندا گەیشتن بەم ناوچەیە بوەتە ئامانجی سەرەکی، ئاماژە بەوە دراوە ناوچەی زاخۆ وەك شوێنێکی ستراتیژی ناوچەکە گرنگی زۆری هەبووە بەهۆی ئەوەی کەوتۆتە سەر ڕێگای بازرگانی بەرەو باکور و باکوری خۆرئاوای ئەکەد، بۆیە سەرجۆن سوپایەکی زۆری ناردوە بەرەو ناوچەکە بەمەبەستی پاراستنی ئەو کاروانە بازرگانیانەی لە ئاسیای بچوکەوە هاتوون، چونکە پێشتر لەلایەن فەرمانڕەوایانی ناوچەکە ڕێگایان پێنەدراوە (زیباری و مایی، ٢٠١٧، ص٣٠)، زۆربەی هەوڵەکانی سەرجۆن لەڕێگای بەکارهێنانی هێزی سەربازی بووە، لەپێناو یەکخستنی وڵات و دامەزراندنی دەسەڵاتێکی ناوەندیی بەهێز، گەلانی دەوروبەر و ناوچەکانیانی بەزۆر لکاندوە بەدەوڵەتەکەی، سوباریەکان بەرکەوتەی ئەو زەبروزەنگە بوون، بۆیە دوای مردنی سەرجۆن لەدەسەڵاتی ئەکەدیەکان هەڵگەڕاونەتەوە و بەتوندی لەدژیان وەستاونەتەوە (صالح، ٢٠٠٤، ص٦٣٢_٦٣٣)، و توانیویانە خۆیان لەم دەسەڵاتە ڕزگاربکەن (مجیدزادە، ٢٠١٢، ل٢٦٠) .



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

سەرباری هەڵگەڕانەوەی گەلانی ژێردەستیان ئەکەدیەکان دوای مردنی سەرجۆن توانیان پارێزگاری لەدەسەلآت و وڵآتەکەیان بکەن و بەربەست لەبەردەم شەپۆلی ناڕەزایەتیەکان دابنێن (صالح، ٢٠٠٤، ص٦٣٣)، ڕیموشی کوڕی سەرجۆن (٢٣١٥_٢٣٠٧ پ.ز) لەدوای مردنی باوکی دەسەڵآتی گرتۆتەدەست و توانیویەتی پەرە بەفراوانخوازیەکان بدات، پێدەچێت دەسەڵآتی گەیشتبێتەوە سوبارتو، چەنکە بەڵگەکان ئەوە دەردەخەن لەسەردەمی ئەودا پەرستگە لە شاری ئاشور دروستکراوە (مجیدزادە، ٢٠١٢، ل٢٥٤) .

دوای ئەم پاشایە نارام سین(٢٢٩١_ ٢٢٥٥پ.ز) دەسەڵآتی گرتۆتەدەست، کەسایەتیەکی سەربازی بووە زۆر گرنگی بەلایەنی سەربازی و ئامادەکردنی سوپا داوە بەمەبەستی گەیشتن بەشوێنی تازە و دەسکەوتی زیاتر (رشید، ١٩٩٠، ص٣٥_٣٨)، یەکێک لەشوێنانەی بەئامانجی گرتووە سوبارتو بووە، هەڵمەتی سەربازی بەرەو ئەم ناوچەیە ئەنجامداوە و توانیویەتی بەشێکی زۆری بخاتە ژێر دەسەڵآتی خۆی (بورکایی، ٢٠٠٨، ل٧١)، بەڵگە شوێنەواریەکان ئەوە پیشاندەدەن نارامسین بەرەو باکوری کوردستان ڕۆیشتوە و توانیویەتی بگاتە ناوچەی دیاربەکر، ماوەیەك لەو ناوچەیە ماوەتەوە بۆ پارێزگاریکردن لەدەسکەوتەکان بەتایبەت پاراستنی ڕێگا بازرگانیەکان، ئەم سەرکەوتنەی لەداتاشراوەیەکدا لەنزیکی ئەم شارە نەخشاندووە کە تیایدا وێنەی خۆی و خواوەندی مانگ و دیلەکانی پیشانداوە (باقر و اخرون، ١٩٨٠، ل١٤٩) .

نارام سین لەدەقێکدا نوسیویەتی ((...فەرمانڕەوای شوبارتوم و بەرەو ژور هەتا دارستانی ئورز))(مجیدزادە، ٢٠١٢، ل٢٦٥)، لەنوسراوێکیتردا ئاماژەی بەوە داوە گوایە فەرمانڕەواکانی سوبارتو دیاریان بۆهێناوە، ناوی یەکێک لەو فەرمانڕوایانە (داخش ئاتیلی DakisAtili)بووە، پێدەچێت پەیکەرەکەی باستکی پەیوەندی بەم بابەتەوە هەبێت، بەلآم ئەگەری ئەوە هەیە بەهۆی دوری ناوچەکە و بەرهەڵستی سوباریەکان ماوەیەکی کەم لەم ناوچەیە مابێتەوە (مجیدزادە، ٢٠١٢، ل٢٦٥)، وەك ئاماژەیەك بۆ سەرکەوتنەکانی لەچەند ناوچەیەکی سوبارتو هێمای سەرکەوتنی جێهێشتوە (کۆزاد، ٢٠٠٦، ١٣٨_١٣٩)، هەڵمەتە سەربازیە زۆر و بەردەوامەکانی نارام سین لەپێناو زیادبوونی سنور و دەسەلآتیدا لەگەڵ ئەوەی مەبەستەکانی تاڕادەیەك هێناوەتەدی، بەلآم لەکۆتایدا کاریگەری خراپی هەبووە بونەتە هۆکاری لاوازی (ئابوری، سیاسی، سەربازی) بۆ دەوڵەتی ئەکەدی بەتایبەت سەردەمی دوای خۆی (مجیدزادە، ٢٠١٢، ل٢٦٣)، سەردەمی شار کلی شری Shar Klee Shree (٢٢٥٧_٢٢٣٠ پ.ز) و پاشاکانی دوای ئەویش بەهۆی هەبوونی کێشەی سیاسیی ناوخۆییو فشاری چەند هێزێکی دەرەکی دەوڵەتی ئەکەدی بەتەواوی لاواز بووە و بەرەو بچوکبوونەوە و ڕوخان چووە(باقر، ٢٠٠٩، ص٤٠٦_٤٠٧)، سەردەمی ئەم پاشایە دەسەلآت و کاریگەریان نەگەیشتۆتە وڵآتی سوبارتو و لەم ماویەدا باس لەهیچ جۆرە پەیوەندیەك نەکراوە لەنێوانیاندا .


Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ فەکۆلینێن کوردی

چوارەم/ پەیوەندی سۆباریەکان و بابلیەکان (بابلی کۆن): لەکۆتایی هەزارەی سێیەمی پێش زاین لەشاری بابل کەسایەتیەك بەناوی (سومو ئابوم SumuAbum) (١٨٩٤_١٨٨١ پ.ز) توانی بنەماڵەی (بابلی کۆن) دابمەزرێنێت، ئەم بنەماڵەیە لەلایەن ئەم پاشایە و چەند پاشایەکیتر گەشەکردن و فراوانبوونێکی باشی بەخۆوە بینیوە ( Johns, 1913, P.71_76)، لەم قۆناغەدا باسی پەیوەندی سۆباریەکان لەگەڵ ئەم بنەماڵەیە نەکراوە، بەلآم حامورابی (١٧٩٢_١٧٥٠پ.ز)لە سەردەمی فەرمانڕەواییەتیەکەیدا ئاماژەی بەوەداوە کە توانیویەتی هێرشی فراوانخوازی زۆر ئەنجامبدات، لەچوارچێوەی ئەم چالاکیە سەربازیانەیدا بەرەو باکور و باکوری خۆرئاوای بابل ڕۆیشتوە و گەیشتۆتە جزیرەی فورات، لە ساڵەکانی (٢٩، ٣٢، ٣٣، ٣٨)ی دەسەلآتیدا سوبارتو ڕوبەڕی هێرش و پەلامارданی ئەم هێزە بۆتەوە، ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێت کە سۆباریەکان دەسەلآتی بابلیەکانیان قبوڵنەبووە بۆیە زیاتر لەیەکجار هێرشیان کراوەتەوەسەر، هەمیشە خواستی دەرچون یان ڕزگار بوونیان هەبووە، لەبەرامبەردا بابلیەکان بەهۆی ئەو سوپا بەهێزەی هەیانبووە بەتوندی ڕوبەڕویان بونەتەوە و خستویانەتەوە ژێردەسەلآتی خۆیان، بەهەمانشێوە حامورابی لەساڵی (٣٩)ی دەسەلآتیدا جارێکیتر هێرشی کردۆتەوە سەر سوبارتو ئاماژەی سەرکەوتنەکەی داتاشراوەیەکی بەردینی لەنزیک دیاربەکر دروستکردوە و تیایدا بەشانازیەوە ئاماژەی بەم سەرکەوتنە کردوە (مجیدزادە، ٢٠١٢، ل٣٩٩ ,Finkelstein,1955 ;P.4)، لەچەند دەقێکیتری بنەماڵەی بابلی کۆنی سەردەمی دەسەلآتداری ئامی دیتانا Ami Ditana (١٦٨٣_١٦٤٧ پ.ز) و ئامی صادوقا Ami Saduka (١٦٤٦_١٦٢٦ پ.ز) ئاماژە بەناوی چەند کەسایەتیەکی سۆباری دراوە، ئەمانە لە بەڵێننامەیەکی فرۆشتنی کۆیلەدا ناویان هاتووە،بەهەمانشێوە لەدەقێکیتردا ناوی (پاخایا: Pakhaya) بەدیکراوە کە کەسێکی سۆباری بووە (قەرەداغی، ٢٠٠٤، ل٢٣٤)، واتا پەیوەندی سۆباری و بابلی کۆن زیاتر لەنوسراوە جەنگیەکاندا و هەندێکجاریش لەنوسراو و بەڵێننامەی بازرگانیدا بەدیکراوە، پێدەچێت بابلیەکانلەڕوی جوگرافیەوە نەیانتوانیبێت وڵآتی ئاشورو سوبارتو لەیەکتری جیابکەنەوەبەتایبەت لەسەردەمی بالادەستی ئاشوریەکان.

پێنجەم/ پەیوەندی سۆباریەکان و ئاشوریەکان:لەوڵاتی سوبارتو بەرلەهەزارەی سێیەمی پێش زاین ناوی ئاشوریەکان بەدینەکراوە، ئەوانەی لەم نیشتمانەدا ژیاون و دەسەلآتیان هەبووە سۆباریەکان بوون (باقر واخرون، ١٩٨٠، ص٢٠١)، دەرکەوتن و دستپێکی کاری سیاسی ئاشوریەکان لەسەرەتاکانی هەزارەی دووەمی پێش زاین لەنزیکی (٢٠٠٠ پ.ز) بووە، ئەمە سەرەتایەکە بۆ چاخی ئاشوری کۆن (باقر واخرون، ١٩٨٠، ص٢٠٤)، مێژوی ئاشوریەکان

دابەشكراوە بۆ سێ سەردەمی سەرەكی بەمشێوەیە، چاخی ئاشوری كۆن (نزیكی ٢٠٠٠_١٥٠٠ پ.ز)، چاخی ئاشوری ناوەڕاست (نزیكی ١٥٠٠_٩١١ پ.ز)، چاخی ئاشوری نوێ (نزیكی ٩١١_٦١٢ پ.ز) ئەم چاخەی كۆتایی بە چاخی ئیمپراتۆریەت ناسراوە و دابەشكراوە بۆ دوو سەردەم، كە بریتین لە سەردەمی ئیمپراتۆریەتی یەكەم (نزیكی ٩١١_٧٤٥ پ.ز) و سەردەمی ئیمپراتۆریەتی دووەم (نزیكی ٧٤٤_٦١٢ پ.ز) (باقر، ٢٠١٢، ص٥٢١) .

ئاشوریەكان لەڕەگەزی سامین لە ناوچە جیاوازەكانی دورگەی عەرەبیەوە بەرەو سوریا و لوبنان و فەلەستین كۆچیان كردوە، بەڵام گەلانی ئەم ناوچانە بەرگریان كردوە و ڕێگەیان پێنەداون لەناوچەكانیان نیشتەجێبن، بۆیە لەفورات پەڕیونەتەوە و گەیشتونەتە ناوچەی نێوان نەینەوا و قەڵای شرگات كە ناوچەی دەسەڵاتدارێتی سۆباریەكان بووە، لەوێدا نیشتەجێبوون و گەشەیانكردووە (ئەمین بەگ، ٢٠٠٣، ل١٠٥)، هەندێك لەسۆباریەكان لەگەڵیاندا ماونەتەوە و تێكەڵاوی یەكتری بوونە و هەندێكیشیان بەرەو ناوچە شاخاویەكان ڕۆیشتون (باقر و اخرون، ١٩٨٠، ل٢٠١) .

ئەوكەسانەی لەسەرەتادا فەرمانڕوایەتی ئاشوریەكانیان كردوە پێدەچێت لە نەژادی ئاشوری نەبووبن، چونكە ناوەكانیان لەڕوی زمانەوانیەوە ناگەڕێنەوە بۆ خێزانە زمانی سامی، بۆنمونە (ئەشیپا_ Ashipa و كیكیا_Kikya) پێدەچێت ئەمانە سۆباری بووبن ( Lukenbill, 1926, P.11: Gelb,1973, P.5: ساغز، ٢٠٠٣، ص٣٥_٣٦)،هەروەها (تیلاشی_ Tilashi) ناوی كەسایەتیەكیتری سۆباری بووە كە لەسەردەمی ئاشوریدا بەدیكراوە، بەتێپەڕبوونی كات ئەم ناوانە و ناوەكانیتری سۆباری بەكارنەهاتوون، (زكی، ١٩٦١، ص١٠٠_١٠١)، بەڵام كاریگەری شارستانیەتەكەیان ماوەتەوە بەتایبەتی لایەنی ئاینی، لەڕێكەوتننامەكانی سەردەمی ئاشوری كۆن ناوی خواوەندەكانی سۆباری هاتووە و سوێندیان پێخوراوە (كۆزاد، ٢٠٠٦، ل٥٥) .

فەرمانڕەوایەكی كۆنی ئاشوری بەناوی (ئیتی كوڕی ئیاكولابا) لەنوسراوێكدا ئاماژەی بەبردنی دەسكەوتداوە لە گاسوری ژێردەسەڵاتی سوباریەكان بۆ خواوەند (ئینینی_Inini) لە شاری ئاشور (جەلال، ٢٠٠٨، ل٤٤)، شاری نوزی (یۆرگان تەپەی ئێستا) لەسەردەمی ئەكەدیەكان پێی گوتراوە (گاسور)، شوێنەواری ئەم شارە دەكەوێتە ناوچەی بەیەكگەیشتنی چیاكانی كوردستان، بەدوری ١٣ كیلۆمەتر لەباشوری خۆرئاوای كەركوك و ٣ كیلۆمەتر لەگوندی تەركەلان دورە (جەلال، ٢٠٠٨، ل٣٤_٣٦: بەكر، ٢٠١٣، ل٩٢_٩٣)،هەندێك نوسراوی دواتری ئاشوری باسیان لەوەكردوە لەدژی سۆباریەكان شەڕیان كردوە، تجلات پلیزەری یەكەم TigaltPliser I (١١١٥_١٠٧٧ پ.ز) هێرشی كردۆتەسەر شاری (شریش Shrish) لەناوچە شاخاویەكانی باكوری ئاشور وەكو یەكێك لەشارەكانی سۆباری ئاماژەی پێداوە، ئەوەی



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەكولینێن كوردی

دەرخستوە کە شارەکەی گەمارۆداوە و دانیشتوانەکەی بەرگریان کردوە (زکی، ١٩٦١، ص١٠٠)، بەهۆی خۆڕاگریان نەیتوانیوە دەست بەسەر شارەکەدا بگرێت (مەخدوم، ٢٠٠٩، ل٣١) .

ناوی سوبارتو لەدوای خۆیان تاکو سەردەمانێکی درەنگ ماوەتەوە و بەکارهاتووە، فەرمانڕەوای کلدانی (بابلی نوێ) مردوخ بلدان (٧٢١_٧١٠ پ.ز) سەرجۆنی دووەمی ئاشوری بە (پاشای وڵاتی سوبارتو) ناوبردوە، هەروەها ئەم ناوە لەدوای لاوازبوون و لەناوچونی ئاشوریەکانیش هەر ماوەتەوە و بەکارهاتووە،لەنوسراوەکانی پاشایانی بابل لەماوەی نێوان (٦٢٦_٥٣٩ پ.ز) چەندینجار ناوی سوبارتو بەکارهاتووە (باقر، ٢٠١٢، ص٩٨) .

## باسی دووەم

# پەیوەندی دەرەکی سۆباریەکان

پەیوەندی دەرەکی (نێودەوڵەتی) بەو پەیوەندیە دەگوترێت کە لەنێوان یەکە سیاسیە سەربەخۆکان دروستدەبێت، ئەم دیاردەیە لەچاخەکانی پێش مێژووەوە بەدیکراوە و بە درێژایی قۆناغە مێژویەکانیش بەردەوامە (فرج، ٢٠٠٧، ص٢٣)، ئەمجۆرە پەیوەندیەلەنێوان ئەو گەلانەدا بەدیکراوە کە (زمان، زەوی، سنور، دابونەریت،...)یان لەیەکتری جیاوازبووە، ئەو پەیوەندیەی بەشێوازی باش لەنێوانیاندا دروستبووە بۆتە ڕێگاخۆشکەر بۆ بەدیهێنانی گیانی هاوکاری و بەهێزبوون، یان پەیوەندی خراپ بەشێوەی توندوتیژی بەپێچەوانەوە هەوڵدان بووە بۆ کەمکردنەوەی هێزی بەرامبەر یان لەناوبردنیان (قادر، ٢٠٠٣، ص٢١_٢٤)، پەیوەندیە دەرەکیەکان بەشێوەیەکی گشتی هاوئاڕاستە لەگەڵ گەشەی مرۆڤایەتی زیادیان کردووە، بەهۆی ئەوەی زۆرجار لەناوخۆدا پێداویستیەکان لەئاست گەشەی کۆمەڵگەدا نەبوون، پێویستی ئاڵوگۆڕی کەلوپەل بۆتە هۆکارێک بۆ بەستنی پەیوەندی ئاشتیانە بەشێوە ڕێککەوتن، بەڵام لەکاتی نەگەشتن بەڕێککەوتن و دەستنەکەوتنی پێداویستیەکان هەوڵدراوە بەتوندوتیژی پەیدا بکرێن (فرج، ٢٠٠٧، ٢٦_٢٧). سۆباریەکانیش یەکێک لەو گەلانە بوون کە ویستویانە ژیانێکی باش و دەسەڵاتێکی بەهێزیان هەبێت، بۆیە هەوڵیانداوە بەیەکێک لەم ڕێگایانە بگەنە ئاستێکی بەرزی شارستانی، وەك چۆن پەیوەندیان هەبووە لەگەڵ گەلانی ناوخۆیی میسۆپۆتامیا ئاواش پەیوەندی دەرەکیان لەگەل گەلانی دەرەوەی میسۆپۆتامیا هەبووە، لە دیارترین پەیوەندیەکانیان لەسەر ئاستی دەرەوە ئەمانە بوون:



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکولینێن کوردی

یەکەم/ پەیوەندی سۆباری _ عیلامی:عیلامیەکان بنەچە و شوێنی بنەڕەتیان ڕون نیە، بەڵام لەگەڵ گەلانی کۆنی چیاکانی زاگرۆس لەڕوی زمانەوانیەوە نزیکی و هاوبەشیان لەهەندێک وشە بەدیکراوە (الاحمد و الهاشمی، د.ت، ص٥١)، چیاکانی زاگرۆس سنوری جیاکەرەوەی نێوان ئێرانی کۆن و میسۆپۆتامیا بوون، ئەم زنجیرە چیایە لە باکوری ڕۆژئاوا بەرەو باشوری خۆرهەڵاتی میسۆپۆتامیا درێژ بوونەتەوە، زنجیرە چیایەکی بەرزبووە بەڵام هەندێک ڕاڕەوی تێدابووە بەهۆیەوە هاتوچۆکردن و پەیوەندی لەنێوان گەلانی هەردوو دیویدا دروستبووە (الاحمد و الهاشمی، د.ت، ٧_٨)، عیلامیەکان لەڕوی نەژادیەوە پێدەچێت (ئازیانی _ Asianque) بووبن، واتاجیاواز بوون لە سامیەکان و هیندوئەوروپیەکان (تاج بەخش، ٢٠١١، ل١٣٧)، خاکی عیلام دەشتەکانی باشور و باشوری خۆرئاوای ئێران بووە، ئێستا بەهەرێمی خوزستان یان ئەهواز یان عەرەبستان ناسراوە، پایتەختەکەی شاری (سوسە) بووە، هەندێکجار لەسەرچاوە کۆنەکاندا بەوڵاتی سوس یان سوسیانە ناوبراوە، سومەریەکان پێیان گوتووە (نم _ Nim) واتە زەوی بەرز، ئەکەدیەکان بە (ئیلامتو _ Eilamtu) ناویان بردووە پێدەچێت ئەمەش لە زمانی سومەری وەرگیرابێت، بەڵام عیلامیەکان بەخۆیان و بەوڵاتەکەیان کوتووە (خاورتی _ Khaurti)، لەسەرچاوە فارسیەکاندا عیلام بە (ئوفاجا _ Uvaja) یان (هوفاجا _ Huvaja) ناوبراوە (باقر و اخرون، ١٩٨٠، ص٢٥) .

سوباریەکان لەڕوی پەیوەندیە دەرەکیەکان لەئاست هێزە سیاسیە کاریگەرەکان دابوون لەسەر ئاستی ڕۆژهەڵاتی نزیکی کۆندا (محمد، ٢٠١١، ص٥١)، سنوری ڕۆژهەڵاتی کۆن وڵاتی سوریا و میسۆپۆتامیا وئێرانی کۆنی لەخۆگرتووە، هەندێک لەتوێژەران ئاسیای بچوک و میسری کۆن دەخەنە ناو ئەم سنورە، هەریەك لەم وڵاتانە خاوەن شارستانیەتی خۆیان بوون، لەنێوانیاندا هاوبەشی و هاوشێوەیی شارستانی لەچەندین بواردا بەدیدەکرێت، هەموویان پێکەوە شارستانیەتی ڕۆژهەڵاتی نزیکی کۆنیان پێکهێناوە (فخری، ١٩٨٠، ص١٧) .

وەك پێشتر ئاماژەی پێدراوە بەهۆیدەستنەکەوتن یان نەبوونی تۆماری تایبەتی عیلامیەکان بەتایبەت لەهەزارەی سێیەمی پێش زاین وەکو هەریەك لەگەلانی ناوچەکە، بۆ وەرگرتنی زانیاری پشت بەتۆمارە سومەریەکان بەستراوە، لەمەوە دەرکەوتووە یەکەم پەیوەندی نێوان سۆباریەکان و عیلامیەکان لە نوسراوی پاشای بنەماڵەی یەکەمی لەگش (ئی ئیناتم) بەدیکراوە، ئاماژە بەوەدراوە سوبارتو هاوپەیمانی عیلام بووە و توانایەکی سەربازی باشی هەبووە، پاشای لەگش بەشەڕ ڕوبەڕوی ئەم هاوپەیمانیە بۆتەوە و توانیویەتی سەرکەوێت بەسەریاندا (یحیی، ٢٠١٥، ص٨_٩)، سوباریەکان هەمیشە خواستی بەهێزتر بوون و فراوانکردنی سنوریان هەبووە، وەك زۆربەی گەلانی ناوچەکە ئەگەر بە ڕێکەوتن بۆیان نەگونجابێت و نەیانتوانیبێت




Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

پێیبگەن هەوڵیانداوە بە بەکارهێنانی هێز ئەمە بکەن، بەتایبەت لەبەرامبەر سومەری و ئەکەدیەکاندا، بەڵام بەهۆی بەهێزی بەرامبەرەکانیان نەیانتوانیوە بەتەنیا ڕوبەڕویان ببنەوە (احمد و رشید، ١٩٩٠، ص٤٢)، ئەمە وایکردووە هەوڵبدەن بۆ بەستنی هاوپەیمانی لەگەڵ یەکێک لەو گەلانەی بەرژەوەندیان لەم ڕوبەڕووبوونەوەیەدا هەبێت، لەوکاتەدا عیلامیەکان بەهەمانشێوەی ئەوان کەوتونەتە ژێر فشاری هێزە نەیارەکانیان، بەتایبەت بنەماڵەی سێیەمی ئور وەك بنەماڵەیەکی بەهێزی سومەری بەشێکی زۆری ڕۆژهەڵاتی نزیکی کۆنی لەژێر دەستدابووە، بۆماوەیەك سوبارتو و عیلامیان خستۆتە ژێردەسەڵاتی خۆیان (باقر و اخرون، ١٩٨٠، ص٣٠)، لەسەرەتای دامەزراندنی ئەم بنەماڵەیە چەندینجار هێرش کراوەتە سەر هەردولا، ئەوەی زیاتر باسی پەیوەندی سوباری و عیلامی کردوە نوسراوەکانی سەردەمی ئیبی سینی دواین پاشای ئوری سێیەم بووە، لەسالانی سەرەتای دەسەلاتداریەتیەکەیدا ئەم پاشایە پەیوەندی لەگەڵ هەردوولادا باش بووە، ئەمە زیاتر لەژێر فشاری مەترسی گەشەکردن و فراوانخوازی ئاموریەکان بووە بەتایبەت لەدژی ئیشبی ئیررا (٢٠١٧_١٩٨٥ پ.ز)ی فەرمانڕەوای شاری ئیسن، بەڵام دواتر سوباریەکان و عیلامیەکان هەڵوێستیان گۆڕاوە لەبەرامبەر ئیبی سین (کۆزاد، ٢٠٠٤، ل١٥٣)، بەهۆی ئەوەی ئیبی سین پشتی تێکردون و خۆی لە ئیشبی ئیررا نزیك کردۆتەوە و ڕێکەوتنی لەگەڵ بەستوە (محان، ٢٠١١، ص٧٧)، یان دەگوترێت هاوپەیمانی عیلامیەکان و ئوری سێیەم ئەوکاتە کۆتایی پێهاتووە کە عیلامیەکانهەستیان بەلاوازبوونی دەسەلاتی ئیبی سین کردوە (الاحمد و الهاشمی، د.ت، ص٥٦_٥٧)، سەرچاوەکان باسیان لەوە کردووە ئەم لاوازیە زیاتر بەهۆی سەرهەڵدانی کێشەی ئابوری بووە، وشکەساڵی وایکردوە ڕێژەی خوێ لە خاك و لەئاوەکاندا بەرز بێتەوە و کشتوکاڵ نەکرێت و پێداویستیەکان بەتایبەت خۆراك کەم بوونەتەوە و دەستکەوتنی زۆر ئەستەم بووە (القیسی، ٢٠١١، ص١٨٩) .

لەیەکتر دورکەوتنەوەی عیلام و ئور لەلایەك و لاوازبوونی دەسەڵاتی ئیبی سین لەلایەکیترەوە دەرفەتبووە بۆ سوباریەکان کە هەمیشە لەهەوڵی ئەوەدابوون بتوانن بەرەنگاری بنەماڵەی ئوری سێیەم ببنەوە وەك کاردانەوە لەبەرامبەر ئەو توندوتیژیەی بەدرێژاییی چەندین ساڵی فەرمانڕواییان بەرامبەریان ئەنجامیانداوە، سەرباری هەموو ئەمانەش وەك پێشتر باسکرا سوباریەکان خواستی فراوانخوازیان هەبووە بەڵام بەتەنیا نەیانتوانیوە زاڵبن بەسەر ئوردا. بۆیە لەگەڵ عیلامیەکان هاوپەیمانیان لەدژی ئور پێکهێناوە و بەشەر ڕوبەڕویان بونەتەوە و توانیویانە سەرکەون بەسەریاندا شاری (ئور) و پایتەختیان گرتووە و کۆتایان بە دەسەلاتداریتی بنەماڵەی سێەمی ئور هێناوە لەساڵی (٢٠٠٦ پ.ز)، لە یەکێك لە تۆمارەکاندا ئەمە ڕونبۆتەوە، لە بەشێکی نوسراوەکـەدا بەمـشێوەیە ئاماژە بە گەیشتنیان کراوە ((سوئیەکان(سوباریەکان) و

عیلامیەکان، دوژمنەکان، گەیشتن(بۆ شاری ئور) ))، ئەمە وێنەی ئەو بەشەی نوسراوەکەیە کە بەخەتی مێخی (مسماری) تۆمارکراوە:




ئەم ڕوداوە لەو تۆمارە ئەدەبیدا باسکراوە کە ناسراوە بەشین(شیوەن)ی‌ئور(رثاء اور)(احمد و رشید، ١٩٩٠، ص٤٢: صالح، ٢٠٠٤، ص٦٧٥) .

شینی ئور(رثاء اور)بەشیعر نوسراوە لە (٤٤٠) دێڕ پێکهاتووە، دوای ڕوداوەکە نوسراوە بەڵام ساڵی نوسینەکەی ڕون نیە، تیایدا باس لەوە کراوە دوژمنەکانی ئور (سوباریەکان و عیلامیەکان) لەشێوەی لافاو هاتوون شارەکەیان داگیر کرد و بەتەواوی سوتاندویانە و وێرانیان کردوە، بونەتە هۆکاری وشکبوونی جۆگە و ڕوبارەکان و دەسەڵات گواستراوەتەوە بۆ بێگانەکان، شاعیر لەخواوەندەکانی (ئان، ئەنلیل، ئینانا، ئنکی، ئوتو) پاڕاوەتەوە بارودۆخەکە چاك بکەنەوە و دەسکەوتەکان بنیات بنێنەوە (علی، ٢٠٠٠، ٣٠٩_٣١٠)، ئەمانە خواوەندی سومەریەکان بوون، هەریەك لەمانە تایبەتمەندی خۆی هەبووە، بۆنمونە (ئان) خواوەندی ئاسمان بووە، مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ نزیکی (٣٠٠٠ پ.ز)، بۆ ماوەی چەندین هەزار ساڵ پەرستراوە، دواتر دەسەڵاتەکەی گواستراوەتەوە بۆ خواوەند(ئەنلیل) ئەم خواوەندەش بەهەمانشێوە ماوەیەکی زۆر پەرستراوە (النجفی، ١٩٨٢، ص٢٠)، (ئەنکی) خواوەندی زەوی و ئاو بووە (رشید، ١٩٨٥، ص١٥٥)، (ئوتو) خواوەندی مانگ و (ئینانا) خواوەندی خۆر بوون ( Jacobson, 1943, P.167) .

لەم شیوەنەدا هەردوو گەلی سۆباری و عیلامیان بەتێکدەر و خوێنڕێژ بێ بەزەیی ناوبراون (محمد علی، ١٩٧٧، ص١٨٨)، مەبەست لەمە جولاندنی هەست و سۆزی گەلانی ناوچەکە بووە (علی، ٢٠٠٠، ص٣٠٨)، بەڵام سەبارەت بە سوباریەکان گرنگی ئەم شیوەنە ئەوەیە ئاماژەیەکە بۆ هەبوونی پەیوەندیەکی سیاسی و سەربازی پتەو لەنێوانیان ئەوان و عیلامیەکان


Zakho Centre for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

لەم کاتەدا، بەتەواوی ئەم هاوپەیمانیە و کاریگەریەکەیان دەرخستوە، نوسەری ئەم شیوەنە تاڕادەیەك ڕەوایەتی داوە بەهاوپەیمانیەتەکە و شەڕکردنیان لە دژی ئور، نوسیویەتی هاتنی ئەم دوژمنانە و لەدەستچونی دەسەلاّت سزای خواوەندەکانە بۆسەر ئور لەتۆڵەی کەمتەرخەمی و سەرکێشی مرۆڤەکان (محمد علی، ١٩٧٧، ص١٩١) .

دووەم/ پەیوەندی سوباری _ ئاموری: ئاموریەکان یەکێکن لەو گەلانەی لەماوەی کۆچی دووەمی دورگەیەکان (سامیەکان) بەرەو فەلەستین و سوریا و عیراق کۆچیانکردوە، لەنوسراوە سومەریەکان بە (مارتو) ناویان هاتووە بەواتای ڕۆژئاوایەکان، بابلیەکانیش پێیان گوتون (عمورو) هەر بەهۆی ئەوانەوە دەریای ناوەڕاست پێی گوتراوە (دەریای عموروی گەورە)، بەشێکی زۆریان لەناوچە کەنارەکانی ئەم دەریایە تاکو فورات نیشتەجێبوون (سوسە، ١٩٨١، ص١٥٤_١٥٦: العلي، ١٩٩٧، ص١٠١)، ئیشبی ئیررای فەرمانڕەوای شاری ئیسن لەبنەڕەتدا ئاموری بووە، لەنوسراوێکدا باسی لەوە کردوە کە لەدژی سوباریەکان و عیلامیەکان شەڕی کردووە و فەرمانڕوایەکی سوباری بەناوی ( زینومی _ Zi Nu Um E) بەدیل گرتووە، دوای حەوت ساڵ توانیویەتی سەربازگەی عیلامیەکان و هاوپەیمانەکانیان لەناوچەکە دەربکات، هەروەها لەنوسراوێکی شاری ماری باس لەوە کراوە کە عیلامیەکان و سوباریەکان لەدژی دەسەلاّتی ئیشبی ئیررا شەڕیانکردووە، بەلاّم پێدەچێت ئەم شەڕە لەدوای مردنی ئیشبی ئیررا بووبێت (عبداللە بکر، ٢٠٠٥، ص٧٤_٧٥ :Gelb, 1973, P.25) .

جگە لەمە پێدەچێتسوباریەکان لەگەڵ گەلانیتری ناوچەکە پەیوەندیان هەبووبێت، لەوانە لەگەڵ ئارامیەکان،کە یەکێک لەو گەلانە بوون کە لەناوەڕاستی باکوری سوریا ژیاون ناوەندی دەسەلاّتیان شاری (دمشق) بووە، بەشێکیان گەیشتونەتە عیراق کاریگەریا هەبووە لەسەر بارودۆخی سیاسی ناوچەکە و توانیویانە دەسەلاّی سەربەخۆ دابمەزرێنن (موسکاتی، دون تاریخ، ص٣٤٤: گە، ٢٠١٤، ص١٨٠)، ئەوەی سەبارەت بە پەیوەندی نێوان سوباریەکان و ئارامیەکان باسکراوە زیاتر لەلایەنی ئابوریەوە بووە، ئاڵوگۆڕی بازرگانیان لەنێواندا هەبووە (محمد، ٢٠١١، ص٥١)، بەهۆی گەشەکردنی شارستانیەتەکەیان سوباریەکان کاریگەریان هەبووە لەسەر گەلانی ڕۆژهەلاّتی کۆن بەگشتی و ناوچەکانیتری وەکو قەفقاسیا و خواروی دەریای قەزوین و ناوچە دورەکانی ئاسیای بچوك (احمد،١٩٨٤، ص٤٧) .



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخو بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

## ئەنجام:

دوای تواوبوونی توێژینەوەکە گەیشتینە چەند ئەنجامێک، گرنگترینیان ئەمانەی خوارەوەن:

**یەکەم:** سوباریەکان وەك کۆنترین دانیشتوانی کوردستان، ماوەیەك فەرمانڕەوایی بەشێکی گرنگی ئەم ناوچەیە (جزیرەی فورات)یان کردوە، خاوەن سنوری جوگرافی و شارستانیەتی تایبەت بەخۆیان بوون، بۆ پارێزگاریکردن و زیادکردنی دەسکەوتەکانیان بەچەندین شێواز هەوڵیانداوە

دووەم: سەرەڕای بەهێزی سوباریەکان زۆرجار بەهۆی گرنگی و دەوڵەمەندی ناوچەکەیان کەوتونەتە بەرهێرش و پەلاماری هێزە بالأدەستەکانی میسۆپۆتامیا لەوانە (سومەری، ئەکەدی، بابلی کۆن، ئاشوری)، ئەمانە پەیوەندیەکانیان زیاتر لەسەر بنەمای شەڕکردن و توندوتیژی بووە

**سێیەم:** بەهۆی نەبونی ئومێد لەبەستنی پەیوەندی ئاشتی و هاوپەیمانی لەگەڵ دەسەلأتدارانی میسۆپۆتامیا بەردەوام بیریان لەبەرەنگار بوونەوە و خۆڕزگارکردن کردۆتەوە، بۆیە زۆرجار لەسەردەمێکی کورت و لەماوەی دەسەلأتداریێتی پاشایەك ئاماژە بەوەدراوەکە چەندجارێک هێرشیان کراوەتەسەر.

**چوارەم:** سۆباریەکان گرنگیان بەپەیوەندیە دەرەکیەکان داوە، لەگەڵ گەلانی دەرەوەی میسۆپۆتامیا بەتایبەت لەگەڵ عیلامیەکان چەندجارێک پەیوەندیان هەبووە و هاوپەیمانی سیاسی و سەربازیان بەستوە، ئەوەی دەرکەوتووە جارێک لەسەردەمی (ئی ئیناتم)ی فەرمانڕوای بنەماڵەی یەکەمی لەگش دژ بەم بنەماڵەیە، و جارێکیتر لەکۆتایی هەزارەی سێیەمی پێش زاین لەدژی دواین پاشای بنەماڵەی سێیەمی ئور (ئەبی سین)، بەهۆی ئەم هاوپەیمانیە توانیویانە کۆتایی بەفەرمانڕەوای ئەم بنەماڵەیە بێنن .

**پێنجەم:** سوباریەکان لەگەڵ چەند گەلێکیتری کاریگەری ناوچەکە پەیوەندیان هەبووە، پەیوەندیان لەگەڵ ئاموریەکان لەسەردەمی ئیشبی ئیررای فەرمانڕەوای بنەماڵەی ئایسن بەشێوەی ئاشتی و شەڕکردن بەدیکراوە، لەگەڵ ئارامیەکان پەیوەندی ئاشتیانەیان هەبووە و ئاڵوگۆڕی بازرگانیان لەنێواندا هەبووە، سوباریەکان خاوەن شارستانیەت بوون و کاریگەریان لەسەر گەلانی ڕۆژهەلأتی کۆن هەبووە.

## لیستی سەرچاوەکان:

### یەکەم/ سەرچاوە کوردیەکان:


١. بەکر، عەبدوڵا: (٢٠١٣)، هەڵکۆڵینی نوزی (١٩٢٥_١٩٣١) سەرەتایەك لەسەر شاری نوزی و مێژووی هەڵکۆڵین، هەولێر، گۆڤاری سوبارتو، ژمارە ٦_٧ .

٢. بورکایی، کەمال: (٢٠٠٨)، کورد و کوردستان لەسەردەمی باستانەوە تاکۆتایی جەنگی یەکەمی جیهانی، هەولێر، چاپخانەی منارە، وەرگێران، عەلی فەتحی .

٣. ڤێلهێلم، گیرنۆت: (٢٠٠٩)، شارستانیەتی خوریەکان، دهۆك، چاپخانەی خانی، وەرگێران، ئارام جەلال هەمەوەندی .

٤. قەرەداغی، فاچل: (٢٠٠٤)، مێژووی دێرینی کوردستان، بێ شوێنی چاپ، بێ چاپخانە، کتێبی یەکەم.

٥. کۆزاد، محەمەد ئەحمەد: (٢٠٠٦)، کوردستانی ناوەڕاست لەنیوەی یەکەمی هەزارەی دووەمی پ.ز دا، سلێمانی، دەزگای چاپ و بلاّوکردنەوەی حەمدی .

٦. جەلال، کامەرانکویخا: (٢٠٠٨)، مێژووی کۆنی کەرکوك لەبەر ڕۆشنایی دەقەکانی نوزیدا، هەولێر، چاپخانەی خانی .

٧. مەخدوم، مەنسور: (٢٠٠٩)، گرنگی کورد و کوردستان لە قۆناغە مێژوویەکانی ئێران تاسەردەمی ئەفشاریە، هەولێر، چاپخانەی ڕون، وەرگێڕان، رەفعەت موڕادی .

٨. مجیدزادە، یوسف: (٢٠١٢)، مێژووی شارستانیەتی میسۆپۆتامیا، سلێمانی، چاپخانەی گەنج، وەرگێران سەمیر حسێن، بەرگی یەکەم .

٩. نیا، ئومێد بەهرامی:(٢٠٠٩)، مێژووی کوردەکانی جزیرە، هەولێر، لەبلاّوکراوەکانی پرۆژەی تیشک، وەرگێران، عبدالرحیم معریفەتی .

١٠. ئەمین بەگ، جەلال: (٢٠٠٣)، مێژووی کورد و هاوسێکانی، بێ شوێنی چاپ، چاپخانەی شڤان، بەشی یەکەم .


### دووەم/ سەرچاوە عەرەبیەکان:


١١. الكتاب المقدس .

١٢. احمد، جمال رشيد(٢٠٠٥)، ظهور الكرد في التاريخ، اربيل، دار ئاراس للطباعة والنشر، الطبعة الثانية، الجزء الأول .

١٣. احمد، جمال رشيد: (١٩٨٤)، دراسات كردية في بلاد سوبارتو، بغداد، الامانة العامة للثقافة والشباب .

١٤. احمد، جمال و رشيد، فوزي: (١٩٩٠)، تاريخ الكرد القديم، اربيل، جامعة صلاح الدين .

١٥. الأعظمي، محمد طه محمد: (دون سنة)، حمورابي ١٧٩_١٧٥٠ ق.م، بغداد، وزارة الثقافة والاعلام دائرة الاثار والتراث .

١٦. باقر، طه و اخرون: (١٩٨٠)، تاريخ العراق القديم، بغداد، مطبعة جامعة بغداد، الجزء الأول .

١٧. باقر، طه و اخرون: (١٩٨٠)، تاريخ ايران القديم، بغداد، مطبعة جامعة بغداد .

١٨. باقر، طه: (٢٠١٢)، مقدمة في تاريخ الحضارات القديمة، بغداد، بيت الوراق للطباعة والنشر والتوزيع، الجزء الأول .

١٩. الخفاجي، مزهر: (٢٠١٤)، خصائص الشخصية العراقية والشخصية المصرية في تاريخ القديم، بغداد، بيت الحكمة قسم الدراسات التاريخية، الطبعة الاولى .
٢٠. رشيد، فوزي، (١٩٨٥)، المعتقدات الدينية، حضارة العراق، بغداد، الجزء الاول .
٢١. رشيد، فوزي: (١٩٩٠)، سرجون الاكدي اول امبراطور في العالم، بغداد، وزارة الثقافة والاعلام دار الثقافة.
٢٢. رضا، حلمي رسول: (٢٠٠٩)، المملكة الميتانية ١٥٥٠_١٣٦٥ ق.م، جامعة كوية، رسالة ماجستير غير منشورة .
٢٣. زكي، محمدامين: (١٩٦١)، خلاصة تاريخ الكرد والكردستان من اقدم العصور التاريخية حتى الآن، بغداد، دون مطبعة، الطبعة الثانية، الجزء الأول .
٢٤. زيباري، محمد صالح و مايي، ريبر : (٢٠١٧)، زاخو في العصور القديمة، اربيل، مطبعة هيفي .
٢٥. سعدالله، محمد علي، (٢٠٠٥)، في تاريخ الشرق الادنى القديم مصر_سورية القديمة، الاسكندرية، مركز الاسكندرية للكتاب .
٢٦. سليمان، عامر و الفتيان، احمد مالك: (١٩٨٧)، محاضرات في التاريخ القديم، بغداد، مؤسسة دار الكتب للطباعة والنشر .
٢٧. سوسة، احمد: (١٩٨١)، العرب واليهود في التاريخ، بغداد، دار الحرية للطباعة .
٢٨. صالح، قحطان رشيد، (١٩٨٧)، الكشاف الاثري، دون مطبعة، بغداد .
٢٩. صالح، عبدالعزيز: (٢٠٠٤)، الشرق الادنى القديم مصر والعراق، القاهرة، مكتبة الانجلو المصرية، الجزء الأول .
٣٠. طه، عدنان حميد: (٢٠١٤)، الدور الحضاري للغة الارامية_السريانية في المشرق العربي حتى اواخر القرن التاسع الميلادي، بغداد، جامعة بغداد، مجلة دراسات في التاريخ والاثار .
٣١. عبدالله بكر، هاني عبدالغني: (٢٠٠٥)، حركات التحرير في العراق القديم في عصر فجر السلالات السومرية حتى نهاية الاحتلال الفارسي الاخميني، جامعة الموصل، كلية الاداب، رسالة ماجستير غير منشورة .
٣٢. عصفور، محمد ابو المحاسن، ( دون سنة)، معالم تاريخ الشرق الادنى القديم من اقدم العصور حتى مجئ الاسكندر، بيروت_لبنان، دار النهضة العربية .
٣٣. العلماء، نخبة من: (١٩٩٧)، المؤسسة الاثرية العالمية، القاهرة، الهيئة المصرية العامة للكتاب، ترجمة، محمد عبدالقادر محمد و محمد زكي اسكندر، الطبعة الثانية .
٣٤. علي، فاضل عبدالواحد: (١٩٨٧)، المستشرقون والمشكلة السومرية نصف قرن في ملاحقة الوهم، بغداد، مجلة الاستشراق، عدد١ .
٣٥. علي، فاضل عبدالواحد: (٢٠٠٠)، سومر اسطورة وملحمة، بغداد، دار الشؤن للثقافة العامة .
٣٦. فخري، احمد: (١٩٨٠)، دراسات في تاريخ الشرق القديم مصر والعراق_سوريا_اليمن_ايران مختصرات من الوثائق التاريخية، القاهرة، مكتبة الانجلو المصرية، الطبعة الثانية .
٣٧. فرج، انورمحمد: (٢٠٠٧)، نظرية الواقعية في العلاقات الدولية، السليمانية، مركز كردستان للدراسات الاستراتيجية .

٣٨. قادر، مثنى امين: (٢٠٠٣)، قضايا القوميات الدولية القضية الكردية نموذجا، السليمانية، مركز كردستان للدراسات الاستراتيجية .
٣٩. قادر، مثنى امين: (٢٠٠٣)، قضايا القوميات واثرها على العلاقات الدولية، السليمانية، مركز كردستان للدراسات الاستراتجية .
٤٠. كريمر، صموئيل نوح، (١٩٧٣)، السومريون تاريخهم وحضاراتهم وخصائصهم، ترجمة فيصل الوائلي، الكويت، دار غريب للطباعة .
٤١. القرداغي، رافدة عبدالله عبدالصمد: (٢٠٠٨)، كردستان العراق في التاريخ القديم في ضوء المصادر المسمارية من الالف الثالث ق.م حتى ٦١٢ ق.م، جامعة السليمانية، كلية علوم الانسانية، اطروحة دكتوراه غيرمنشورة .
٤٢. القيسي، محمد فهد: (٢٠١١)، تداول السلطة في العراق القديم ابان الألف الثالث قبل الميلاد، دمشق، تموز للطباعة و نشر و توزيع .
٤٣. محان، محمد سياب: (٢٠١١)، المعاهدات السياسية في العراق القديم، دمشق، تموز لطباعة والنشر .
٤٤. محمد علي، محمد عبدالطيف: (١٩٧٧)، تاريخ العراق القديم حتى نهاية الألف الثالث ق.م، الاسكندرية، مكتبة الاسكندرية .
٤٥. محمد، اكو برهان: (٢٠١١)، كردستان خلال العصور القديمة دراسة في الاحوال التجارية والمالية، اربيل، مطبعة روزهةلات .
٤٦. موسكاتي، سبتينو: (دون تاريخ)، الحضارات السامية القديمة، القاهرة، دون مطبوعة، ترجمة يعقوب بكر.
٤٧. النجفي، حسين، (١٩٨٢)، معجم المصطلحات والاعلام في العراق القديم، الطبعة الاولى، بغداد، طبع دار العربية .
٤٨. يحيى، اسامة عدنان: (٢٠١٥)، تاريخ الشرق الادنى القديم، بغداد، اشوربانيبال للكتاب .

## سێیەم/ سەرچاوە ئینگلیزیەکان:

49. Ahmed, Kozad Mohamed: (2012), the Beginning of Kurdistan 2500_1500 B.C, A Historical and Cultural Synthesis, Leiden.
50. Finkelstein, J.J: (1955), Subartu and Subarians in Old Babylonia Source, Chicago, Journal of Cuneiform Studies, Volume 9, Number 1.
51. Cameron, G. G., (1968), History of Early Iran, New York.
52. Jacobson, T., (1943), Primitive Democracy in Mesopotamia, JNES, Chicago .
53. Gelb, I.J: (1973), Hurrians and Subarians, Chicago, second Impression.
54. Johns, C.H.W: (1913), Ancient Babylonia, University of Cambridge.
55. Lucenbil, D.I.D: (1926), Ancient Records of Assyria And Babylonia, Chicago, Volume1.
56. Stinkller, (1998), The Historical background of Urkesh and The Hurrians Beginnings in the Northern Mesopotamia, Malibu, Volume 26 .
57. Wigram, A.W.A. and Lambeth, D.D: (1929), the Assyrian Their Neighbours, London.

# علاقات السوباريون مع الشعوب المجاورة


## الملخص:

ان هذا البحث الموسم بـ(علاقات السوباريون مع الشعوب المجاورة) يسلط الضوء على العلاقات السلمية والحربية للسوباريين مع الشعوب القاطنة داخل بلاد الرافدين وخارجها، حيث حاول السوباريون من خلال تلك العلاقات فرض سيطرتها ونفوذها على المناطق المجاورة لهم .

قسمت الدراسة الى المبحثين، خلالهما وجدهم و نفوذهم تناولنا العلاقات الداخلية والخارجية لبلاد سوبارتو، وتاثير تلك العلاقات على المنطقة، كما تضمن البحث مقدمة وأهم النتائج التي تم التوصل اليها، فضلاً عن قائمة باهم المصادر المستفادة في هذا البحث .



**الكلمات الدالة:** *السوباريون، حدود، علاقة، تحالف، الأكدي*


# Relation between Subarians and other Entities surrounding them


**Abstract:**

This study entitled (Relation between Subarians and other Entities surrounding them) is academic research that shed lights on the peaceful and non friendship relations of the subarians with the other ethnics and entities within Mesopotamia and outside, in order to reform their achievements.

The research contains introduction, two section in which the first section discusses it is relation with powers inside Mesopotamia and the second section investigates its relation with the entities outside Mesopotamia also it includes conclusion and bibliography.



**Keywords:** *Boundary, Subarians, Relation, Alliance, Akkadian*

Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی